www.kurdistannet.org
بەكاتی ناوەندی ئەوروپا 26-10-2006 23:36

بە ناوی كوردستانی گەورە.

## بەكارهێنانی زمانی كوردی ... ح. س. سۆران

soransa@hotmail. com

بە داخەوە، هێندێک وشە، کورتە رستە، رستە، وتە و...، لە زمانی مێدیایی کوردی دا هەن، کە یا مانایەکی وا پڕ و تێر و تەسەلیان نیە، یا رەنگە لە زۆر بورایش دا، تەنانەت مانا کەیان، شتێکی هەرە جوان نەبێ، کە لێرەدا، بە چەشنی سەرپۆرت و وەک مشتێک لە گشتێک، بە چەند دانەیان ئاماژە دەکەم:

پێشکەش کردن:

زۆر جاران دەبیستین، کە هێندیک لە وێژەری بەرنامەی رادیۆیی و تێلێڤیزەۆنیەکان، بە گۆرانی وێژێک دەفەرموون: " لە چاوپێکەوتنی دوێنێ دا، گۆرانیەکت پێشکەش کردم... "، کە ئەم رستەیە، شتێکی مەزبووت و تەواو نیە. چون لە زمانی کوردی دا، وشەی { پێشکەش کردن }، هەر هەمان مانای {تەقدیم کردن }ی عارەبی دەدا و لێرە دا، ئێمە ناشێ بڵێین { دوێنێ گۆرانیەکت تەقدیم کردم }، یانی خۆمان وا گەورە بکەینەوە، کە خەڵک شت مان تەقدیم بکەن. بەڵکە وا باشترە بۆ وێنە بڵێین: " دوێنێ گۆرانیەکت بۆ وتم " یا شتێکی لەم بارە. چون ئەم وتەیە زۆر لەو شتە دەچێ، کە جاری وا هەیە هێندەێک کەس دەڵێن: " من پێم فەرمووی و تۆ عەرزت کردم ".

سەری رێز و نەوازشی بۆ دادەنەوێنم:

ئەم رستەیەش، نەک هەر تەنیا پڕ مانا نیە، بەڵکە هێندەێکیش لە دزێو دەچێ. چون سەردانەواندن بۆ خۆی وشەیەکی جوامێرانە نیە و مانای باش نادا. رەنگە وا باشتر بێ لە جێی ئەو رستەیە، بێژین: " رێزی لێ دەگرم " یا " بۆ من جێی رێزە " و...

دەچێ بۆ فلانە جێ:

زۆر جار لە هەواڵە کان دا دەبیستین، کە بۆ وێنە دەڵێن:" سەرۆک فلان کەس، دەچێ بۆ فلانە جێ "، لێرەدا ئامانجی هەواڵ وێژە کە ئەمەیە بفەرموێ، " سەرۆک فلان کەس ئەمرۆ چوە بۆ فلانە جێ ". کە ئەمەش رستەیەکی هەڵەیە، چون لە روانگەی رێزمانەوە، وا دەگەیێنێ کە سەرۆك فلان کەس، دەیەوێ لە داهاتودا بچی بۆ فلانە جێ، کەچی وا نیە و ئەو سەرۆکە، چوە بۆ فلانە جێ و رەنگە هەر لەوێش نەمابێ و لەوێوە چووبێتە جێگەیەکی دیکە.

مەبەست:

هەروەک ئاماژەم پێ کرد، ئەم سێ وێنەیە، نموونەی زۆر خاڵی دیکەن لە زمانی کوردی دا، کە بە هیوام بتوانین، بە هەڵگرتنەوەی پەڵە زماناسیەکانمان، هەڵەکان کەمتر بکەینەوە و رۆژ بە رۆژ بۆ پاراوکردنی زمانی رەسەنی کوردی، هەنگاوی تازە و پێشکەوتو هەڵ بگرین.

تاران - چواری گەڵارێزانی 2706 { 2006 }.